# نەورۆز

ئەگەر ببینیت لەگشت  لایەك كڵپەی ئاگر گرتی گڕی
یان کەببینیت دایکی شەهید فرمێسکی خوێنبی سڕی
خوشکی شەهید وەمناڵی بەرگی ڕەشیان دادڕی
ئەوسا بزانە کەنەورۆزە ئاسودەیە هەرهەموو کورد دڵی پڕی

کەنگێ بینیت گەورەو بچوکی ئەو میللەتە
دڵ و دەروونی پڕ لەسۆزە
ئەوسا بڵێن موبارەکە ئەوە ئازارە و نەورۆزە
دەست بخەنە دەستی یەکتر بڵێن جەژنتان پیرۆزە

کەنگێ ببینیت ئاڵای ووڵات لەنەتەوە یەکگرتوەکان بەرزکراوە
ئەوکەسانەی سەدان کوردیان ئەنفال کردبوو
یەکە یەکە لە داردراوە
یاخود بینیت جەبەل حەمرین بۆتە سنوور بۆ ئەم گەلە
ئینجا بزانە کەنەورۆزە خۆت بگەیەنە سەری چیاو
ئاگر بکەرەوە بەپەلە

مژده بده به شەهیدان بابزانن کەخوێنیان بەخۆڕایی نەتکاوە
شێوەی زوحاك ناوەکانی ئەتاتورك لەم خاکەماندا شکاوە
پێیان بڵێن ئاڵاکەمان درەوشاوەیە وە شەکاوە
زوحاکی ئەم سەردەمە کە سەدام بوو لەدار دراوە
سەدانی تریش ببنە زوحاك ببنە سەدام
هەرهەموو کورد دەستێ قەڵەم دەستێ چەك
لەئاست دوژمن ئەبنە کاوە

---

Honraway **Amang Mawlood**
**(Kurdo Sweed)**


bakrajo.com